**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:١٥٩٩٧ لە ٢٠٢٢/٧/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی**

**ماددەی (١):**

مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بەپێی ڕێککەوتنامەی ڤیەنا ساڵی ١٩٦٨ تایبەت بە هاتووچۆکردن لەسەر شەقام کە کۆماری فیدراڵی عێراق بە یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١٥ پەسەندی کردووە دەبێت بەپێی نموونەی هاوپێچی پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢): دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی ئەم لایەنانەی خوارەوەن:**

١- بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم.

٢- بەڕێوەبەرانی هاتووچۆی پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە).

**ماددەی (٣):**

مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ساڵێك تا سێ ساڵ دەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن خاوەن مۆڵەتی شوفێری ناوخۆیی بەرکار بۆ ئەو ماوەیەی کە داوای کردووە بۆ مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی.

٢- پێدانی بڕی ئەو پارانەی کە لە ماددەی (شەشەم) دیاری کراوە بەرامبەر خزمەتگوزاری پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی.

**ماددەی (٤):**

لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی جۆری مۆڵەتی شوفێری ناوخۆیی داواکار وەك خۆی دەخرێتە سەر مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی کە لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ ماددەی (چوارەم) جۆرەکانی مۆڵەتی ناوخۆیی دیاری کردووە.

**ماددەی (٥):**

ئەو مۆڵەتانەی کە تا ئێستا نەگوردراون بۆ سیستەمی نوێی مۆڵەت بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی تەنها ئەم جۆرانەی پێ دەدرێت:

١- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی ماتۆرسکێل) مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی لە جۆری (A) پێ دەدرێت.

٢- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی شوفێری تایبەت) مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی لە جۆری (B) پێ دەدرێت.

٣- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (مۆڵەتی شوفێری گشتی) مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی لە جۆری (B) لەگەڵ (C1) و (D1) پێ دەدرێت

**ماددەی (٦):**

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی:

**یەکەم:**

١- مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی یەك ساڵ (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.

٢- مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار.

٣- مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی بۆ ماوەی سێ ساڵ (١٥٠,٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار.

٤- (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار کرێ خزمەت گوزاری موڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی.

٥- لە کاتی وون بوون یان تێچوونی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.

**دووەم:** ئەو بڕە پارانەی کە لە سەرەوە دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێری وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێژەیەکی دیاری کراو لەو پارەیە بەپێی بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەت تەرخان دەکرێت بۆ پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (٧):**

لە کاتی پێدانی مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی ئەگەر خاوەن مۆڵەت (خاوەن پێداویستی تایبەت بێت یان چاویلکە بەکار بهێنێت یان شوفێری گێرئۆتۆماتیك بێت) و لە مۆڵەتی ناوخۆییەکەی ئەو خاڵانە دیاری کرابێت ئەوا گشت ئەو هێمایانەی کە لەسەر مۆڵەتی ناوخۆییەکەی دیاری کراوە بە مۆری تایبەت دەخرێتە سەر مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتیەکەی.

**ماددەی (٨):**

١- کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نووسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**